# بەراودێکی بچکۆلانە لەنێوان وەڵامەکەی (یۆران پێرسۆن)ی سەرەك وەزیرانی سوید و بێوەڵامییەکەی مام جەلال و کاك مەسعود!!

مەهاباد قەرەداغی

هەموو لە بیرمانە پێش ئەوەی هێرشی ئەمریکابۆ سەر عێراق دەست پێ بکات، تورکیا هەڕەشەی هاتنە ناو خاکی باشووری کوردستانی دەکرد و ئەو مەترسییەش وای کرد سەدان چالاکی لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان ئەنجام بدرێت. لە سوێدیش چالاکی زۆر کرا و، لە هەموو وڵاتانی تریش بە هەمان شێوە. ئینتەرنێت رۆڵێکی کاریگەری گێڕ و، رۆژانە هەزاران نامەی نارەزایی بۆ لایەنە پەیوەندیدارەکان دەنێردرا.

یەکێك لەو چالاکییانەی کە چەند هاورێییەك و من بیرمان لێ کردەوە نامەیەکی داخوازی بۆ سەرەك وەزیرانی سوێد (یۆران پێرسۆن) و، وەزیری دەرەوەی سوێد (ئانا لیند) بنێرین و تیایدا داوا بکەین کە ئێمە وەك هاوڵاتی سوێد نیگەرانین بەوەی کە وڵاتی یەکەممان (کوردستان) هەرەشەی لێ دەکرێت لە لایەن تورکیاوە و، هەروەها نیگەرانی ئەوەشین کە رژێمی عێراق دووبارە بە چەکی کیمییای لە خەڵکی کوردستان بدا و.. هتد.

نامەکەمان لە سایتە کوردیەکان بڵاو کردەوە و، بە ئیٚ مەیڵ و بە تەلەفۆن و بە هەموو وەسیلەکان کەوتینە ئیمزا کۆکردنەوە و دوو هەزار و پێنجسە ئیمزامان کۆکردەوە و ناردمان بۆ هەردوو ئەو بەرێزانەی ناومان بردن.
سێ رۆژ پێش ئیستا یۆران پیرسۆن وەڵامەکەی بۆ ناردینەوە و هاورا و بۆچوونی خۆی لە نیگەرانیەکەمان دەربڕیووە و، بە دوو لاپەڕە بارودۆخەکانی شی کردۆتەوە و، هەڵوێستی سوێدی لە مەڕ کێشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عیراق و.. هتد دەربڕیووە. یۆران پێرسۆن داوای لێبوردنیشی کردووە کە وەڵامەکەی درەنگ داوینەتەوە، ئەگەر چی تەنها دوو مانگ بەسەر نامەکەدا تێپەڕیووە.

ساڵی 1995، لەگەڵ هاورێی هێژام نەزەندبەگی خانی و بە ئیمزای هەشتا ژنی کورد، نامەیەکی نارەزاییمان بۆ هەردوو سەرۆکی پارتی و یەکێتی نارد بە هۆی شەڕی براکوژییەوە. ئەوە هەشت ساڵ تێپەڕی و نە مام جەلال و نە کاك مەسعوود وەڵامیان بۆ نەناردینەوە!

ئەمساڵ لەگەڵ کۆمەڵێك نووسەری کەرکووکیدا نامەیەکمان بە ناوی (کەرکووك کرۆکی مەسەلەی کوردە) بۆ ناردن، کە ئەم نامەیە لە نێتدا زیاتر لە 2000 کەس ئیمزایان کردبوو، هەر وەڵامیان نەداینەوە!

لە نەورۆزی ئەمساڵیشدا لە کوردستان نێتدا داخوازینامەیەکمان بە ناوی (داخوازی راگەیاندنی دەوڵەتی کوردی) ئاراستە کردن، هەر لە خۆیان نەگرت وەڵام بدەنەوە!

دەزانم سەریان قاڵە و ناپەرژێنە سەر وەڵامدانەوەی ئێمە، بەم رۆژگارە لە بەر میوانداری سەرەك عەشیرەت و کۆنە موستەشار و، سەرۆکەکانی تازە حیزبەکان کوا فریای وەڵامی نووسەر و هاوڵاتی دەکەون. جا نووسەر خۆ چەکداری لە پشتەوە نییە تا رێزی لێ بگرن و نرخ و بایەخ بۆ قسەکانی دابنێن!

هەر یەك لەوان، وەڵامی سەدان هەزار پرسیار و نامە و داخوازی قەرزاری هاوڵاتیانی کوردستانن و، بڕواش ناکەم بە تەما بن چکۆلەترین بەشی ئەو قەرزە بدەنەوە.

سوپاس بۆ یۆران پێرسۆن کە وەك هاوڵاتی سوێد رێزی لە هەوڵەکەمان گرت تێگەیشتنی خۆی دەربڕی بۆ نیگەرانییەکەمان و، وەڵامی داینەوە. [1]

---

[1] تێبینی: (وەڵامەکەی یۆران پێرسۆن لە نزیکترین فرسەتدا بۆ هاورێیانی بەشدار لە بیرۆکەی چالاکییەکە و ئیمزاکۆکەرەوەکان، هاورییان، مەرزە جوانمەرد، شەهلا دەباخی، قادر نادر، ناسر و مەرزیە، دەنێرم)

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**